# ئایندە

خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق

سەرنووسەر: هەلالە محەمەد ئەلماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

دیزاین: چیا حەمەعەلی

تایپیست: مەحبوبە قادر

ژمارە (١٩٤) ساڵی پانزەهەم، یەک شەممە،٢٠١٢/١/١٥



ناونیشان: سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com


# ژنان لە ڕووی بایلۆجییەوە لە پیاوان سەرکەوتووترن

**و: ترێ**

توێژینەوەیەکی تازەی ئەمریکی، ڕونیکردۆتەوە کە سەردەمی دەسەڵاتی پیاوان بە سەر چوو. دەربارەی ئەو بیروباوەڕەی دەڵێن: پیاوان بە هێزترن لەژنان، لە هەمانکاتدا ژن زیاتر بە شێوەیەکی ناسکۆڵەو نەرمونیان ناسراوە.

گروپێکی لێکۆڵەر لە زانکۆی (البرتا) ی کەنەدی، دوپاتیان کردۆتەوە کە عەقڵو ژیری ژنو پیاو جیاواز لە یەکتر کار دەکەن، ئەمەش دوای ئەنجامدانی تاقیکاری وێنەیی بە ڕەنینی موگناتیسی کە بۆ ٣٣ پیاو ١٠ ژن کرا بوو، ئەنجامەکانی دەریانخست کە هەریەک لە دوو ڕەگەز چەند ناوچەیەکی جیاوازی مێشک بەکار دەهێنن، کاتێک کار لەسەریەک بابەت بکەن.

مامۆستایەکی دەروونناسی لە ڕاڤەی لێکۆڵینەوەکەدا، دەڵێت: هێزو توانای ژن لەلایەنی بایلۆجیەکەی دەردەچێ، نەک لاشەی، بەبەڵگەی ئەوەی کە خولی مانگانەی لە تەمەنی ١٣ ساڵی یا کەمترەوە دەستپێدەکات.

کچانی وڵاتانی عەرەبی زیرەکو سەرکەوتووترن لە کوڕان

لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ( یونسیف)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هاتووە کە کچانی وڵاتانی عەرەبیو باکوری ئەفریقا، سەرکەوتوو ترن لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بەسەر کوڕاندا، هەروەها ڕێژەی چوونە قوتابخانەو گەڕانەوەو پەیوەندی کردن بە قوتابخانەوە، زۆرترین ڕێژی کچانن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەشیدا بە پێشکەوتنێکی بەرچاوی ژنان لە تۆماری زانستیو فێرکارییدا کەبەم دواییە بەخۆوە بینیویەتی، ئەوەش دەگەڕێنیتەوە بۆلەناوچونی ئەو بەربەستە کۆمەڵایەتیانەی کەلەبەرەوپێش چونی ئافرەتاندا هەبووە.



چەرخ و فەلەک

# وڵاتی هەویە!

**کەتان خادیمی**

ئەگەر کەسێک جزدانەکەی لێ ون بێت، ئەوا هەر پارەکەی لەدەست دەرناچێت، بەڵکو چەند هەویەیەکیشی لێ ون دەبێت، هەبوونی (هەویە) بۆ سەلماندنتە، کە تۆ ئەوە پیشەتە، بەڵام من وا هەست دەکەم هەویە هەڵگرتن لەم وڵاتەدا هەندێک جار تەنها بۆ ناوو گیرفانە، گرنگیو زەرورەتی هەویە لەسەردەمی ڕژێمەوە دەستی پێ کرد، کە فیرارەکان هەویەی جاشایەتیان هەڵدەگرت، یان لەترسو بەزۆری ڕژێم، ئێستاش زۆرن ئەوانەی دەڵێن بۆ زروفە... یان بەهیوای عەرزەیەکی چاوگەشە، یان موچەیەک یان پێی بڵێن بلیمەتە... یان بۆ ڕۆژی تەنگانەوو واسیتەو واسیتەکاری یان بۆ پرۆفایلەکەی...

هەر بۆیە بونە ئەندام لەڕێکخراوو سەندیکاکاندا، ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرزبوونەوەدایە، بۆ نمونە ئەگەر ڕێژەی ڕۆژنامەنوس لەکوردستاندا بەحیسابی سەندیکا بێت، ئەوا زۆرینەی کورد ڕۆژنامەنوس دەبوو!! بەڵام کە دێینە سەر واقیع وانیە..

یان کەسی واهەیە ئەندامی چەند ڕێکخراوێکە، بەڵام لەژیانیدا بەردێکی نەخستۆتە سەر بەرد، بۆ ئامانجی ئەو ڕێکخراوە، لەیادمە ساڵی (١٩٩١) ئەو ڕۆژانەی کەدڵمان گەرم بوو بۆ کوردایەتی، هیچیشمان لەکاری حیزبیو ڕێکخراوەیی نەدەزانی، لەو ڕۆژانەدا پەیتا پەیتا ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەگەڕان بەقوتابخانەکانداو خۆیان دەناساندو داوای بەئەندام بوونی قوتابیانیان دەکرد، ئێمەش هەرکەس بهاتایە ناوی سیانی خۆمانمان دەنوسی، بۆیە لەوساڵەدا زۆربەمان ئەندامی سێچوار ڕێکخراو بوین، هەر بۆیە لە وڵاتی ئێمەدا هێندە لەدووی ڕواڵەتو ناودا دەگەڕێن، کەمتر بەدووی مەغزاو واتای توانەوە لەنێو ئەوکارەدا، کورد لەکۆندا وتویەتی (بەڕیش نیەو بەئیشە) بەڵام کوردی ئەمڕۆ وەک بزنە تەمەڵەکەی لێهاتووە دەڵێت: (بەئیش نیەو بەڕیشە ڕقی دنیام لەئیشە).

# کورد... شاخ ... قاچاخچیەتی... بۆردومان



لە کوردیو وەرگیراوە

**نم...نم**

کە ناوی کورد دەبرێت ئەوا خێرا شاخو خەبات بەخەیاڵماندا دێت، هەر خێرا وێنەی چەند کۆڵەبەرێکو... پاشان بۆردومانو خوێن دێتە بەرچاومان.

لەو کاتەوەی کورد هەیە خوێنی بەشاخەکان سنورەکانەوە دەڕێژرێت، یەکێکی وەک ( بەهمەنی قوبادی) زۆرجوان سەر سنورەکانی کردە جوانترین کاری هونەری لەفلیمی سینەمایی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان).

دواجار قاچاخچیە برسیە هەژارەکان دەبێت بەکۆڵەکانی کۆڵیانەوەو بەبرسێتیو ماندوویەتی خوێنیان بڕێژرێت، هەمیشەش لەسەر دەستی ئەو حوکمڕانیەی کە نەیتوانیوە ژیانێکی خۆشیان بۆ فەراهەم بێنێت.

ڕووداوەکەی ( ئۆڵدەر)ی سەر بە ( شەڕناخە) هەموومانی تووشی شۆک کرد، سیوشەش کەسی هەژاری کورد بوونە سووتەمەنی، لێرەدا هەریەکەمان لای خۆمانەوە وتمان بۆچی خوێنی کورد دەبێت ئاوا بەسوکو کەم سەیر بکرێت؟ یان ئایا خەباتکارانی کورد لەکوردستانی باکور، نابێت سەیرێکی مێژووی کوردستانی باشوور بکەن، کەهەرچی لادێو دیهات بوو لەکوردستاندا ڕژێمی بەعس کردنی بەقەقنەس، ئاخر دیکتاتۆرە دژ بەکوردەکان بۆ بیانوو دەگەڕێنو تینووی خوێنی کوردن، ئەوان تەنها لەڕاگەیاندنەکاندا جیاوازی لەنێوان خوێنی مەدەنیەکو پێشمەرگەیەکدا دەکەن، ئەگینا ئەوان لەناخەوە منداڵێکی نێو بێشکە کوردەو پێشمەرگەی دواڕۆژە، بۆیە دەبێت کورد خۆی لەخەمی خۆیدا بێت، دەبێت هەوڵ بدرێت بەشێوازێک کاربکەنو خەبات بکەن کە کەمترین زیان بەرئەو شارۆچکەو گوندە هەژارانە بکەوێت، ئەو هەڵەیەی ئێرە دووبارە نەکرێتەوە، چونکە ئەمان بەر لەهەموو کەس خەبات بۆ ئەو هەژارانەدەکەن. لێرەشدا سەرکردایەتی کوردو حکومەتی هەرێم، گەورەترین بەرپرسیاریەتیان لەئەستۆدایە نابێت بەئیدانەیەکی سەر زارەکی باز بدات بەسەر ئەم ڕوو داوەدا، بەڵکو دەبێت مامەڵەی قەسابخانەیەکی بۆ بکات، بۆخوێنی ئەو کوردانەی کە زۆربەیان گەنجو مێرد مناڵ بوون، گەر لەیادتان بێت کەهونەرمەندی تورکی ( ئیبراهیم تاتلیساس) توشی ڕوداو هاتبوو، بینیمان بەرپرسە کوردەکانی لای خۆمان زۆر سەغڵەت بوونو قوربانیان بۆ دەکرد، حکومەتی تورکیاش زۆر تورەو خەمبار بوو، من دەپرسم ئەگەر (تاتلیساس) هاوڵاتیەکی تورکیابوو وای بۆکرا، ئەوا ساڵحی تەمەن حەڤدە ساڵیش هاوڵاتی تورکیایە، یان ئەرکانی تەمەن سیانزدە ساڵانو بیلالی شانزدە ساڵانو... هەموو شەهیدەکانی تر جیاوازیان نیە لەگەڵ خوێنی تاتلیساسدا، بۆیە دەبێت، خوێنی ئەم سیو شەش کەسە بکرێتە وەرچەرخانێک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەتورکیا.